# سەبارەت بە (خیانەتکاری) خەڵکی کەرکوك و ( وەفاداری ) جەلال تاڵەبانی

**عرفان کریم**
arfan96@yahoo.de



قارەمانی داستانی ساڵی (66 ) و سەرکردەی یەکەمین میلشیای بەکرێگیراوی سەربە بەعس , دۆستی دێرینی جەنەراڵە فاشیستەکانی ئەنقەرە و موجاهیدی گیان لەسەردەست لەپێناو عومر درێژی عەمامە بەسەرەکانی قوم و تاران , مارێنــــــزی نێو ( ناوچەی سەوز ) و سەرۆک کۆماری حکومەتی ئیسلام وعروبەی ئێستا لە عێراقدا( جەلال تالەبانی ), رۆژی 30.09.05 لە ناوچەی دوکان لە لێدوانێک دا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن باسی کۆمەلێک مەسائیلی سیاسی ئێستای عێراق وکوردستانی کردوە کە لە نێویاندا مەسەلەی کەرکوک بووە و لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەگەرانەوەی عەرەبە (هاوردەکان ) لە باشوری عێراقەوە بۆ ناوچەی کەرکوک بۆ جاری دووەم ونیشتەجێ بوونی هەندێک لە خێزانە کوردەکان لە سلێمانی و هەولێر ووتی : [گەرانەوەی هەر عەرەبێکی هاوردە پێچەوانەی یاساکانەو هەرکوردێک کەرکوک بەجێبهێلێت ( خائینە ) لەبەر ئەوەی کەرکوک مەسەلەیەکی چارەنوسسازە ].

پێش ئەوەی ئەم( فەتوا ) راسیستی و رەگەزپەرستەی تالەبانی ریسوابکرێ هەقیقەتێک هەیە کە پێویست دەکات وەکو پێشەیەک باسی لێوە بکرێ ئەویش

ئەوەی کە پێناسە ومانای خیانەت لەلای جلال تالەبانی چی یە وچۆنە , رەنگە مەسەلەیەکی زۆر سەخت نەبێ بۆ زانینی وەڵامەکەی ,چونکە هەر کەسێک رابروودوی سیاسی و هەڵبەز ودابەزی( ئسپرینگی ) هەلۆێستە سیاسی یەکانی تالەبانی لە 58 سالی عومری سیاسی ئەم کەسەدا چاولێبکا ئەوا زۆر بەسانایی بۆی رووندەبێتەوە کە سەرۆک کۆمار چەند بەتوانایە لەبواری دیبلۆماسی (خیانەت )دا و پسپۆرێکی چەندە شارەزایە لەم مەیدانەدا وە چۆن بەو پەری وەفاداریەوە ووتەی دۆستە دێرینەکەی (سەدام حوسێن ) بە ناوەرۆکەوە رەچاو دەکات کە دەیووت ( هەمووشتێک لە پێناو سەرکەوتن دا, کل شئ من اجل النێر ) .

کەسێک کە پۆستی (سەرۆک کۆمار)ی لە ئەستۆدایە و رۆژانە لە جۆرج بۆش و رامسفیلد زیاتر بە شان وباڵی( دیموکراتی) یەوە هەڵدەدات لە عێراق دا و دەیەوێ بیکاتە نمونەیەک لە ناوچەکەدا, مافی

**نیشتەجێبوون و ئازادی سەفەرو ژیان کردن بەرەوا نابینیێ بۆ بەشێک لە دانیشتوانی دەوڵەتەکەی و بە (خیانتکار )و (هاوردە ) ناوزەدەیان بکات دەبێ نوێنەری کام جۆر لە دیموکراسی بێت و مافەکانی مرۆڤ چەندە رێزی هەیە لەلای ئەم دەسەڵاتە ....؟؟ ئاخۆ پرۆسەی ( رزگاری عێراق ) بە( فەتوا ) وهەرەشەی دەرکردن دەچێتە سەرو تەوهین کردن بە خەڵکانی شارێک کە ناچار کراون کۆچ بکەن چی رێزێکی سیاسی بۆ ئەو دەسەڵاتە دەهێڵێتەوە ...؟ دەسەڵاتێک کە دانیشتوانی وولاتێک بکات بەگژ یەکداو بانگەوازی شەری قەومی بکات و ناو ناتۆرەی جیاوز یان بۆ دروست بکات ئایا جگە لە دوژمنایەتی لەگەڵ ئینسانیەت و بەها مرۆڤایەتی یەکان دەبێ چی ناوێکی تر هەڵبگرێ ..؟؟**

**میلشیا ناسیونالیستەکەی سەر بەتالەبانی ئەمرۆ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی رەشی سەربازی ئەمریکادا شاری کەرکوکیان کردۆتە مەیدانی شەرێکی قەومی و کۆنەپەرست و ژیانی مەدەنی و ئاسایشیان لەدانیشتوانی شارەکە تێکداوە ورۆژانە کارەکانی تیرۆر و تەقینەوەو تۆقاندن ئەنجام دەدەن , نەهیچ مافێکیان نی یە کەبریار بدەن لەسەر ئەوەی خەڵکی کەرکوک چۆن دەژێن و.. لە کوێ ژیانبکەن ... بەڵکو دەبێ داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەم شارەبکەن و رێز لەمافی نیشەجێبوون بگرن و دەست لەو رە فتارە بەعسیانەش هەڵبگرن و ئاسمانی پێکەوە ژیانی خەڵکی شاری کەرکوک بە ژەهراوی ناسیونالیستی پیس نەکەن .**

**01.10.2005**